سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان

# کوردستان لە قوڵایی قەیرانەکاندا
## تەحەددا و دەرفەت

د. بورهان أ. یاسین

کۆتایی ئاداری 2015

RCKPI/RSP# 0010 - 2015

# کوردستان لە قوڵایی قەیرانەکاندا:

## تەحەددا و دەرفەت

**د. بورهان أ. یاسین**

**کۆتایی ئاداری ٢٠١٥**

# ناوەڕۆک

پێشەکیەکی پێویست ---------------------------------------------------------------------------------------------- ٣

خاڵی لێوەدەرچوون ------------------------------------------------------------------------------------------- ٤

شەڕی داعش: لە سەرەتادا شکستی کورد -------------------------------------------------------------- ٦

ڕەهەندی ئیقلیمی و داهاتووی ڕووداوەکان ------------------------------------------------------------- ٨

تورکیا: نەبوونی ئاراستەیەکی ڕوون ---------------------------------------------------------------------- ١٤

ڕزگارکردنی موسڵ -------------------------------------------------------------------------------------------- ١٥

کێشەکان لەگەڵ بەغدا ----------------------------------------------------------------------------------------- ١٦

دەرئەنجام و ڕاسپاردە ---------------------------------------------------------------------------------------- ١٧

## پێشەکیەکی پێویست[1]

رووداوەکانی چەند مانگی رابردوو تا بڵێی فرەڕەهەندن وە لە هەناوی بارودۆخەکەشدا چەند رەگەزێکی جۆراوجۆر و لە ئاستی جۆراوجۆری سیاسەتدا خۆیان حەشار داوە. باشترین دوو وشەش بۆ ناونیشانی ئەم حاڵەتە ئاڵۆزە، بە تایبەتی لە گۆشەبینینێکی کوردستانیەوە، دوو وشەی (**تەحەددا و دەرفەت**)ن.

کەم جار لە مێژووی هاوچەرخی کوردستان بە شێوەی ئێستا تەحەددا و دەرفەتەکان ئەوەندە بە چڕی هاوکات هاتوونەتە بەردەم ماڵی کورد، یا راستتر بڵێین ماڵی کوردیان بەم شێوازەی ئێستا کردۆتە بەشێک لە پێشوەچوونەکان، بە شێوەیەک کە هەر رووداوێک لە هەمان کاتدا هەم دەرفەتە وە هەم تەحەددا و مەترسیە.

هەندێک لەو پرسیارانەی کە پێویستە ئەمڕۆ بکرێن، لە پەیوەندیەکی زەمەنی هەنووکەیدا، بە شێوەیەکی گشتی ئەمانەن:

چۆن دەکرێ بە باشترین شێواز باشوری کوردستان بەرەوڕووی قەیرانەکانی ئەمڕۆ ببێتەوە؟ ئایا رۆڵی ئێران چۆن هەلدەسەنگێنین؟ ئایا ئەو رۆڵەی کە ئەمڕۆ ئێران دەیگێڕێت کاتیی و دابڕاوە، یا ئێستەگەیەکی ترە بۆ جێگیرکردنێکی زیاتری هێژمونی و قەلەمڕەوی ئێران لە عێراقدا؟ ئایا بۆ کوردستان ئەم پێشوەچوونە چی دەگەیێنێ؟ ئایا حەشدی شەعبی مەترسی داهاتووە لەسەر باشووری کوردستان؟ ئەگەر وایە چی بکرێ باشە؟ ئایا رۆڵی تورکیا چۆن هەڵدەسەنگێندرێت؟

مەبەستی ئەم راپۆرتە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنێکی بە پەلە لەو بارودۆخەی کە باشووری کوردستان رووبەرووی بۆتەوە. هەڵبەتە یەکێک لە کێشەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەم راپۆرتەدا کەمی زانیاری پێویستە. لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لە سەرچاوەکانی راپۆرتەکە کۆنووسی گفتوگۆیەکە[2] کە سەنتەری توێژینەوە رێکیخست بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسیارانەی کە لە سەرەوە کراون. هەروەها بە شێوەیەکی سەرەکی سوود لە

[1] ئەم نووسراوەی بەردەست لەسەر داوای سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئامادەکراوە.

[2] کۆنووسی گفتوگۆکە دەرئەنجامی کۆبوونەوەیەکە کە لە لایەن سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستانەوە رێکخرا بە مەبەستی تاوتوێکردنی بارودۆخی ئێستای کوردستان و دەرچوون لە کۆبوونەوەکە بە ژمارەیەک راسپاردە. لە کۆبوونەوەکەدا، کە لە رۆژی ٢٠١٥/٣/١٠ رێکخرا، ژمارەیەک نووسەر و ئەکادیمی و رۆژنامەنووس بەشدار بوون.

وتارێکی د. بورهان أ. یاسین به ناوی *کوردستان له روبەڕوبوونەوەی* داعشدا وەرگیراوە.[3]

## خاڵی لێوەدەرچوون

له تێڕامانێکی به پەلەدا دەتوانین بڵێین که ئێستا دوای رووداوەکانی باشور و خۆرئاوای کوردستان، زۆر به تایبەتیش له روبەروبوونەوەی داعشدا، چەند بۆچوونێک وەک خاڵی لیوەدەرچوون دەخەینه روو:

١) تێکەڵاوبوونێکی زۆر گرنگ و ستراتیژی له نێوان سێ بەشی کوردستان، واته باکور و باشور و خۆرئاوای کوردستان بۆ یەکەم جار چووەته ئاستێکی یەکجار گرنگی نەتەوەیی و کوردستانی. ئەمڕۆ شەرڤانان و پێشمەرگه له سێ بەشی کوردستانەوه شانبەشانی یەکتر له باشور و خۆرئاوا دەجەنگن. لەوەش گرنگتر ئەم تێکەڵاوبوونه له ئاستێکی لۆکاڵی تەسکدا نەماوەتەوە، بەڵکو له ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشدا نەک هەر قەبوڵ دەکرێ بەڵکو پشگیریشی لێ دەکرێ، به شێوەیەک که ئەم پشتگیریه تەنها له ئاستی مۆراڵی و دیپلۆماسی (با بڵێین مەعنەوی)دا نەماوەتەوە، بەڵکو چووەته ئاستی پشتگیری سەربازیش. زۆر گرنگه هەر له سەرەتادا ئەوه جەختبکرێتەوه که ئەم پشتگیریەی وڵاتانی رۆژئاوا دوو رەهەند لەخۆ دەگرێ که دەکرێ جێگەی رادەیەک له نیگەرانی بن: أ- ئەم پشتگیریه بەشێکه له ***جەنگێکی ناراستەوخۆی وڵاتانی رۆژئاوایه*** که له رێگای ***جەنگێکی راستەوخۆی کورد*** و داعشەوه بەڕێوه دەچێ: رۆژئاوا له ماڵی خۆیدا له داعش ترساوه بەڵام شەڕەکەی بەرامبەر ئەم هێزه ئیسلامیه توندڕوه له دەرەوەی خۆی، لەسەر خاکێکی تر وه له رێگای خەڵکانێکی رەوه دەکات؛ ب- تا ئێستا زۆربەی هەره زۆری ئەو پشتگریه که له باشوری کوردستان دەکرێت تا ئێستا له *چوارچێوەی عێراقدا* دەکرێت.

دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەمڕۆش هەموو رەهەندەکانی تێکەڵاوبوونی ئەو سێ بەشەی کوردستان به تەواوەتی دەرنەکەوتبن و کامڵ نەبووبن ئەوا له داهاتوودا – نزیک یا

[3] http://burhanyassin.com/KURDISTAN%20DERFET%20U%20METRSYEKAN%204.pdf

دوور – ئەم ڕەهەندانە کامڵ دەبن. کاڵبوونەوەی ئەو سنوورانەی کە ئەم سێ بەشەی کوردستان لە یەکتر جیا دەکەنەوە هەر ئێستا دەرکەوتووە وە ئەم کاڵبوونەوەیە لە بەردەوامیدا دەکرێ ڕەهەندی زۆر ستراتیژیش وەرگرێ. بەشێکیش لەو لایەنی گەشی ئەم شەڕە بەشداری هێزی پێشمەرگە بووە لە شەڕەکانی بەرگری لە کۆبانی، وە تێپەڕینی ئەم هێزانە بە باکوری کوردستاندا بۆ چوونە ناو کۆبانی مانایەکی زۆر تایبەتی بەو بەشداریەی پێشمەرگە بەخشی. هەرچەندە دەکرێ لە ئێستادا ئەم پێشوەچوونە وەک *دەرهاوێشتەی ڕووداوە پەیوەندیدارەکان* بە شەڕی داعشەوە ببینرێ تا زنجیرە ڕووداوێک کە پێشتر سیاسەتی بۆ داڕێژرا بێت و پلانی بۆ دانرابێت؛

٢) کاتێک باسی شەڕی داعش دەکەین دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین کە ماوەی نزیکەی سەد ساڵە کورد نەیتوانیوە دەست بۆ گۆڕینی سنوورەکان بەرێت بەڵام داعش ئەمەی کرد. بەم مانایەش دەکرێ دەستبردنی داعش بۆ سنوورەکان بە باشی بخزێتە بەرژەوەندی کورد. لە لایەکی ترەوە ڕەهەندێکی ئەو دەستبردنە دەتوانێ بۆ کوردستان مەترسیداریش بێت تا ئەو جێگایەی کە پرۆژە ژیۆپۆلۆتیکیەکەی داعش دەبێتە هۆی وەبەرەیەککەوتنێکی تر لە نێوان دوو دانە خوگرافیای سیاسی (یەکێکیان هی کوردستان وە ئەوی تریشیان هی داعش)؛

٣) کوردستان بوو بە ناوەندی شەڕێکی گەردوونی بەرامبەر بە داعش، بەمەش دەرفەتێکی ناوازە ڕێککەوت بۆ کوردستان کە دەروازەکان بە ڕووی کۆمەڵگای نێونەتوەییدا بکرێنەوە؛

٤) هێرشی داعش بۆ سەر باشوری کوردستان بووە هۆی تەکانێک لە ڕوانگەی کوردی و ڕاچڵەکانێک لە دەسەڵاتی سیاسی، بە تایبەتی لە ڕووی جەختکردنەوە لە پێداویستی چاکسازی و یەکگرتنەوەی هەموو دامودەزگاکان و پیادەکردنی سیاسەتێکی نیشتمانی گشتگیر؛

٥) زۆر گرنگە ئەو ڕاستیە ببینین کە شەڕی داعش بووە هۆی زەقبوونەوەی زیاتری سنوور و ململانێکان لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق، بە تایبەتی لە نێوان سوننە و شیعە. دەکرێ شەڕی داعش ببێتە هۆیەکی تر، یا ڕاستتر بڵێین هۆیەکی هەرە گرنگ، بۆ هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عیراق. بە دیوێکی تردا ئەم پێشوەچوونە بووە هۆیەکی دیکە بۆ

ئەوەی پرۆسەی سیاسی کەلێنێکی جیددی تێبکەوێ و ئەو پرۆسەیەش توشی شکستێکی گەورە بکات. بە ئەگەری زۆر زەقبوونەوەی زیاتری سنورەکان لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق، زۆر بە تایبەتی لە نێوان شیعە و سوننەی عەرەب، رادە و ئاستی ***بێهیوابوون*** لە لای پێکهاتەکانی عێراق، بە تایبەتی سوننە و شیعە، زیاد دەکات وە بەمەش ئەگەر و پرۆسەی هەڵوەشانەوەی عێراق بەهێزتر دەبێت. لە لایەکی ترەوە دەشکرێ بێهیوابوونی ئەمریکا و لایەنە نێودەوڵەتیەکان لە دەوڵەتی عێراق بچێتە ئاستێکی ترەوە، بە تایبەتی لەگەڵ چڕبوونەوەی دەستوەردانی ئێران لە عێراق؛

٦) لە ئاستی نێونەتەوەییدا شەڕی داعش و کورد کێشەی کوردی زیاتر پاڵدایە ناوەندی گرینگیپێدان و پشتگیری سیاسی، دیپلۆماسی و سەربازی.

## شەڕی داعش: لە سەرەتادا شکستی کورد

شکستی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە شنگال، تا ئێستاش وەک "مەتەڵێک" ماوەتەوە و ئێستاش ئەو مەتەڵە پێویستی بە هەڵهێنان هەیە. پرسیاری ئەوەی ئایا شکستی هێزی پێشمەرگە لە شنگال نەبوونی چەکی پێویست بوو یا کشانەوەی "تاکتیکی"؟ باوەڕ و بۆچوونێکی جێگیر هەیە ئەویش ئەوەیە کە مانەوەی ئەم پرسیارە بەبێ وەڵام نەک هەر یارمەتیدەر نیە بەڵکو بگرە وەک خاڵێکی لاواز دەمێنێتەوە بۆ دەسەڵاتی باشوری کوردستان و نیگەرانییکیش لە لای هاوڵاتیانی هەرێم. بە هەر حاڵ یەکێک لەو بۆچوونانەی کە دەبێ بە جیددی وەربگیرێ بۆ تێگەیشتن لەم شکستە، واتە شکست لە شنگال و ناوچەکانی تر، ئەمەیە: ١) سیستەمی سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان بە دەست کۆمەڵێک لاوازی و کێشەی جیددیەوە دەناڵێنێت لەگەڵ ئەوەشی گەلی کوردستان چاوەڕوانیەکی بەرفراوانی لە پێکهێنانی کابینەی هەشتەم هەبوو، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی کابینەکە دەربڕی حکومەتی بنکە فراوان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا چاکسازیە چاوەڕوانکراوەکان هێشتان زۆربەی زۆریان هەر چاوەڕوانکراون؛ ٢) یەکێک لەو تیۆریانەی بواری جەنگ[4] کە دەبێ بە جیددی وەربگیرێ ئەوەیە کە هەر لەشکرێک لە جەنگدا دەبێ *قوڵاییەکی کۆمەڵایەتی* هەبێ وە بەم مانایەش هەر چەند ئەو قوڵاییە کۆمەڵایەتیە جێگیر و توکمە بێت و لەسەر بنچینەی رێزگرتن لە دادوەری و ئازادیەکان

[4] بڕوانە بۆ نموونە:
Harry Holbert Turney-High, *Primitive War; Its Practice and Concept*, Columbia, University of South Caroline Press, 1971.

دامەزرابێ ئەوا بەرەی لەشکر لە جەنگدا پارێزراوتر و بەهێزتر دەبێ. بەرامبەر ئەوە دوای ٢٣ ساڵ باشوری کوردستان تا ئێستاش خاوەنی دەستورێک نیە و رووبەر و فەزا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی بە شێوەیەکی توکمە و پێویست رێکنەخراوە. لەم بارەیەوە ئاسەواری دوو ئیدارەیی و بەنیشتمانی نەبوون و بەدامەزراوەیی نەبوونی هێزی پێشمەرگە دوو دیاردەی نەرێنین لە رێکخستنی فەزای نەتەوەیی و سیاسیدا لە باشوری کوردستان.

بەم مانایەش بۆ دۆزینەوەی سەرەتاکانی شکستی کوردی بەرامبەر بە داعش باشتر وایە ئاور لە ناوخۆی سیستەم بدرێتەوە لە بڕی ئەوەی تەنها و تەنها باسی نەبوونی پشتگیری دەرەکی یا کەمی چەک لە دەست پێشمەرگەدا بکەین. دواجار لە شرۆڤەکردنێکی زانستیانە بۆ شەڕ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هێز و توانای لەشکرێک لە کاتی جەنگ تەنها ناوەستێتە سەر جۆر و چۆنیەتی ئەو چەکانەی لەدەست لەشکرەکە دایە، بەڵکو رەهەندێکی زۆر گرنگی جەنگ ئەو قوڵایی کۆمەڵایەتیەیە کە دەبێتە پشت و پەنای ئەو لەشکرە. . . زۆر بە سادەیی کاتێکیش تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەو قوڵاییە لە بوونی خۆیدا قەیراناویە و کێشەکانیش بەشێکیان دەرەکین، بە تایبەتی کێشە و تەنگەژە لە گەڵ بەغدا، بەڵام بەشێکی گرنگیشی ناوەخۆیین. ناشکرێ ئەو دوو رەهەندەی کێشە لە یەکتر جیا بکرێنەوە، بە شێوازێکی ئۆرگانیکی تێکەڵاوی یەکترن. جگە لەوەش لەبەر ئەوەی لەشکرەکەش خۆی یەکبوو نیە (لەبەر کلۆڵی و توکمە نەبوونی قوڵاییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکە) ئەوا دەبێ چاوەڕوان بین کە ئەم حاڵەتە رەنگبداتەوە لەسەر هێزە چەکدارەکان و ئەو شێوە بەرگریەشی کە ئەم لەشکرە دەیکات.

جگە لەوەش کاتێک داعش کوردستانی کردە ئامانجی هێرشەکەی خۆی، هەر زووتر کوردستان بەرەوڕووی چەند قەیرانێک ببوویەوە کە هەم ئاڵۆز بوون و هەمیش فرەڕەهەند بوون. جیددیترینی ئەم قەیرانانە بارودۆخی ئابووری بوو کە ئەویش بەشێک بوو لە ململانێ و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا. بەڵام ناکرێ ئەم قەیرانە بە دابڕاوی لە کێشە و لاوازیەکانی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان ببینین.

لە بەرامبەریشدا دوای تراژیدیای شنگال، پێشمەرگە بە یارمەتی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان توانی بەرگریەکی باشتر بکات. هەروەها بەشداری هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرگری لە خۆرئاوای کوردستان و تێپەڕبوونی ئەم هێزانە بە باکوری کوردستاندا بۆ گەیشتن بە خۆرئاوای کوردستان، گرنگیەکی زۆر تایبەتی هەبوو، هەرنەبێ لە ئاستی سیمبۆلی و سایکۆلۆژیەوە. ئەوەش گرنگ بوو کە لەسەر بڕیاری ئەو بەشداریە هەموو هێزە سیاسیەکان کۆک بوون وە ئەم یەکدەنگیەش لە بڕیارێکی مێژوویی پەرلەماندا

بەرجەستە بوو. لە راستیدا ئەم گرنگیە تەنها هی ئەمڕۆ و بۆ نەوەی ئەمڕۆ نیە بەڵکو بگرە بۆ نەوەکانی داهاتووش زۆر گرنگە. ئەم بەشداریەی هێزی پێشمەرگە و بەرگری لە کانتۆنی کۆبانی، دەبێتە بەهانەیەکی گرنگ لە هەوڵ و خەباتیان بۆ سڕینەوەی سنوورە دەستکردەکان.

## رەهەندی ئیقلیمی و داهاتووی رووداوەکان

دەکرێ بە زۆر شێواز رەهەندە ئیقلیمیەکانی شەڕی داعش لە عیراقدا ببینرێن و تێگەیشتنیان بۆ بکرێت. بەر لە هەر شتێک دەتوانین شەڕی داعش لە سوریا و عێراق وەکو شەڕی دوو هیلالی شیعی و سوننی ببینرێت، بە جیاوازیەکی زۆرەوە لە رووی هاوسەنگی هێز و دەرفەتی سەرکەوتن بۆ هەر یەکێک لەم دوو هیلالە: یەکەمیان، واتە هیلالی شیعی بە هێزتر و رێکخراو تر و توکمە ترە وە ئێران بە بەرنامەیەکی ئیقلیمی و جیهانی روونەوە سەرکردایەتی دەکات، بەڵام هیلالی سوننی پەرتەوازە و لاوازە و ناشکرێ بڵێین تەنها یەک وڵات سەرکردایەتی دەکات. هەرچەندە شانشینی سعودیە لە رۆژانی دواییدا رۆڵێکی کاریگەرتری لە پێشتر بینیوە لە سەرکردایەتیکردنی هەوڵێکی عەرەبی، ئیقلیمی و جیهانی بۆ رێگەگرتن لە پێشڕەویەکانی حوسیەکان لە یەمەن وە بەم شێویەش رێگاگرتن لە قەڵەمڕەوی ئێران و هیلالی شیعی لە ناوچەکەدا.

بەڵام لێرەدا پرسیارێک بە جیددی دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە، ئایا رۆڵی تورکیا چیە لەم هیلالی سوننیەدا وە زۆر بە تایبەتیش ئایا رۆڵی ئەم وڵاتە چی دەبێت لە رۆژانی داهاتوودا، ئەگەر شەڕ دژی داعش بۆ ئازادکردنی موسڵ پەرە بسەنێت و رۆڵی ئێران و شیعە لەم شەڕەدا بەهێز ببێت. زۆر بە تایبەتیش پرسیاری ئەوەی کە ئایا زێدەبوونی رۆڵی ئێران لە ناوچەی موسڵ وە نزیک لە سنوورەکانی تورکیا چ کاریگەریەکی دەبێت لەسەر ئەگەری ئەوەی کە تورکیا بەرەوڕووی داعش ببێتەوە یا ئەگەری ئەوەی کە ئەم وڵاتە ببێت بە بەشدارێکی کاریگەرتر وە ئاشکراتر بەرامبەر بە پێشڕەویەکانی ئێران لە عێراق و زێدەبوونی قەڵەمڕەوی لەم وڵاتەدا، بە تایبەتی لە ناوچەیەک کە نزیکە لە سنوورەکانی تورکیا، واتە ئەو ناوچەیەی کە تورکیا راستەوخۆ بە ناوچەی کاریگەری (influence zone)ی خۆی دەزانێ.

بەڵام بەشێکی تری سیناریۆکە ئەوەیە کە تورکیا کاردانەوەی ببێت بەرامبەر زێدەبوونی حزوری ئێران لە عێراقدا بە تایبەتیش لە ناوچەی موسڵ وە رازینەبێت بە

باڵادەستی ئێران لە عێراق. دیارە هەر لەم ئاراستەیەدا پێشوەچوونەکان لە ناوچەیەکی دوور لە یەمەن، بەڵام پەیوەندیدار بە باڵادەستی و قەڵەمڕەوی ئێران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ تورکیا و وڵاتانی بە زۆرینە سوننی مەزهەب، بە تایبەتی وڵاتانی کەنداو، نیگەرانئامێزن و کاریگەریان خستۆتە سەر تەواوی بۆچوونی ئەو وڵاتانە بەرامبەر بە ئێران. ئەوەی ئاشکرایە کە پێشڕەوییەکانی حوسیەکان لە یەمەن، بە پشتگیری ئێران، بووەتە هۆی ئەوەی کە کاردانەوە لە قسە و ناڕەزایی دەربڕین دەرچووە و گەیشتۆتە ئاستی کاردانەوەی سەربازی. ئەمەش دەکرێ سەرەتایەکی جیددی بێت بۆ قۆناغی داهاتوو کە تیایدا ئیتر پێشڕەوی و باڵادەستی ئێران لە ناوچەکەدا چیتر *هەر وا بە ئاسانی قەبووڵناکرێت*.

دیارە یەکێک لە رەهەندەکانی رۆڵی ئێران کاردانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لەمەڕ ئەم رۆڵە و دەرهاوێشتەکانی.

لەوەدەچێ لەم پەیوەستەدا، ئێران سوودی بە تایبەتی لە دوو شت وەرگرتبێ: یەکەمیان، ئەوەیە کە لە ئێستادا گفتوگۆ هەیە لە نێوان ئێران لە لایەک وە وڵاتانی خۆرئاوا (ناسراو بە ٥+١) دەربارەی پرۆگرامی وزەی ئەتۆمی ئەم وڵاتە و ئاراستەکانی گەشەپێدان و ئامانجەکانی بەکاربردنی ئەم وزەیە؛ دووەمیان، سوود وەرگرتن لەو راستیەی کە رۆژئاواییەکان پێش هەر کەس و لایەنێک دەیانەوێ هێزێک، یا چەند هێزێک، هەبێت کە لە بری ئەوان بەرەوڕووی داعش ببێتەوە، بەم مانایەش ئێران ئەم دەرفەتە دەقۆزێتەوە.

لە لایەکی ترەوە رۆڵی ئێران لە عێراقدا، لە چوارچێوەی شەڕ لە دژی داعش، هەروا شتێکی بێ کێشە نیە، بەڵکو بگرە پڕ کێشەیە، بەو مانایەی کە هەندێک بۆچوونی ئەمریکی هەن کە بە راشکاوی دەڵێن کە مەترسی داهاتوو حەشدی شەعبی و ئێرانە. نەک هەر ئەوە بەڵکو بگرە حەشد (لە پشت ئەو هێزەشەوە ئێران) بگرە هەڕەشەیەکی گەورەترن لە داعش. رێک ئەم بۆچوونەیە کە خەریکە بەرجەستە دەبێت و کاریگەری جیددی لەسەر شێواز و ئەگەری بەشداریکردن یا بەشدارینەکردنی ئەمریکا لە شەڕی رزگارکردنی تکریت و موسڵ دادەنێ. بەم مانایەش لە هەمان کاتدا دەبێ وڵاتە رۆژئاواییەکان هەڵوەستە لە دوو شت وەرگرن وە هەروەها بڕیار لەسەر شێوازی ریزبەندی و رێکخستنی ئەولەویاتی خۆیان بدەن. بەم مانایەش ئەوە یەکلابکەنەوە کە ئایا گەیشتن بە رێککەوتن لە فایلی وزەی ئەتۆمی ئێران دەبێ ئەولەویەتی یەکەم بێت یا قوربانیدان بەو رێککەوتنە و گرنگیدان بە رێگەگرتن بە ئێران بۆ ئەوەی لە سێبەری شەڕی داعشدا نەگاتە باڵادەستیەک لە ئاستی عێراق و ئیقلیمیدا، کە دواجار ئەم باڵادەستیە ببێتە کێشە لە

ئاستە عێراقی، ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکاندا. بە هەر حاڵ لەوە دەچێت کە ئەنجامدانی هەردووکیان بەیەکەوە، واتە گەیشتن بە ڕێککەوتن دەربارەی فایلی ئەتۆمی وە هەروەها تەنگپێهەڵچنینی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا، کارێکی ئەستەم بێت، بە هەر حاڵ ئەوە هەر نەبێ لە دیدی ئیدارەی باراک ئۆباماوە. بژاردە "نەخوازراوەکەش" ئەوەیە کە قوربانی بە یەکێک لەم دوو فایل (ئەفزەلیەت)ە بدرێت لە پێناو بەدەستهێنانی "سەرکەوتن" لە فایلەکەی تردا!

یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی ئەم بابەتە ئەو حزور و تێکەڵاوبوونە چڕ و ئاشکرایە کە ئێران لە عێراقدا کردوویەتی، هەر لە دوای داگیرکردنی موسڵ لە لایەن داعشەوە. لەم بارەیەوە خاڵی هەرە گرنگ رۆڵی ئێرانە لە پشتگیریکردنی "حەشدی شەعبی" وە ئەو ئەگەرانەی کە دەکرێ لەو پشتگیریە بکەونەوە. . . لەم بارەیەوە بۆچوونی جودا جودا هەن: هەندێک وای بۆدەچن کە حەشدی شەعبی، هەر نەبێ لە دوور مەودا، ئەو مەترسیە لەسەر هەرێمی کوردستان دروست ناکات، بەڵام هەندێکیان وای بۆ دەچن کە حەشدی شەعبی مەترسیەکی گەورەیە وە بگرە هەندێکیان بۆچوونیان وایە کە لە داهاتوودا حەشدی شەعبی دەبێ بە هەڕەشەیەکی گەورەتر لە داعش لەسەر کورد. بۆچوونێک دەربارەی حەشدی شەعبی، کە دەکرێ یاریدەدەر بێت لە حاڵیبوون لە دیاردەی حەشدی شەعبی، ئەوەیە کە دەکرێ لە داهاتوودا حەشدی شەعبی ببێ بە شێوەیەک لە گاردی شۆڕشگێری عێراق، لە جۆری ئەوەی ئێران، واتە گاردی شۆڕشگێڕی کۆماری ئیسلامی ئێران(پاسداران).

لایەنێکی تری گرنگی خۆڕێکخستنی شیعە لە چوارچێوەی حەشدی شەعبی ئەوەیە کە ئەم دیاردەیە دەکرێ ببێ بە یەکێک لەو فاکتەرانەی کە پشتی دەوڵەتی عێراق دەشکێنێ. بە واتایەکی تر سەرهەڵدانی ئەم هێزە چەکدارە شیعیە دەکرێ ببێتە فاکتەرێکی گرنگ لە هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراق، چونکە هەر لە رۆژانی هەوەڵی سەرهەڵدانی دەوڵەتی عێراق (١٩٢٠) وە لە بەردەوامیدا دامەزراوەی سەربازی بڕبڕەی پشتی دەوڵەت بووە وە ئەو دامەزراوەیە بووە کە رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق هیوایەکی زۆریان لەسەر هەڵچنیوە وەک گەرەنتیکاری یەکگرتووی و مانەوەی عێراق.

لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کەمترین شتیان لە سەر حەشدی شەعبی گوتووە؛ لەبەر ئەوە نیە چونکە ئەو بابەتە ناگرنگە، بەڵکو بە ئەگەری زۆر لەبەر هەندێک ئیعتباری سیاسی لە ئاستی عێراقی و ئیقلیمیدا.

لە لایەکی ترەوە ئەگەری ئەوە بەهێزە کە یەکێک لە لێکەوتەکانی نزیکبوونەوەی حەشدی شەعبی لە هەرێمی کوردستان، وە بە تایبەتی لە حاڵەتی سەرکەوتن بەسەر داعشدا لە تکریت و موسڵ، ***بەریەککەوتنێک*** لە نێوان کورد و حەشدی شەعبیدا، بە تایبەتی لە کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکاندا، رووبدات. ئەگەر ئەوەش رووبدات ئەوا بە ئەگەری یەکجار زۆر بەریەککەوتنی کورد و حکومەتی بەغدا، کە شیعە تیایدا باڵادەستە، وە هەروەها کورد و ئێران رووودەدات. پرسیارێکی یەکجار گرنگ ئەوەیە کە ئایا چۆن هەرێمی کوردستان دەتوانێ سیاسەتێکی ئەوها پیادە بکات کە ببێتە مایەی ئەوەی کە ئەو هەموو بەریەککەوتنانە روونەدەن.

ئەوەی کە ئێستا زۆر جێگای سەرنجە وە بۆ هەندێک لایەنیش مایەی نیگەرانیە ئەوەیە کە ئێران لە ماوەی دواییدا زۆر ئاشکراتر وە راشکاوانەتر دەستوەردانی کردوە لە عێراق، بە تایبەتی دوای کەوتنی موسڵ. زۆر ئاشکراشە کە بە هۆی ئەم دەستوەردان و بەشداریە لە شەڕی دژی داعش کاری ئەمریکای لە ئاراستەی یارمەتیدانی عێراق لە شەڕی دژی داعش وەزەحمەت خستووە، وە هەتتا بگرە خەریکە ئەو یارمەتیدانە ئەبێتە شتێکی ئەستەم. بە هەر حاڵ لە ئێستادا مەترسی و دڵەڕاوکێیەک لای ئەمریکیەکان دروست بووە لەمەڕ باشترین شێوازی هەڵسوکەوت، بە تایبەتی بە هۆی دروستبوونی قەناعەتێک کە حەشدی شەعبی کەمتر مەترسیدار نیە لە داعش وە مەترسی ئەوەی کە لە سێبەری ئەم شەڕەدا عێراق بکەوێتە ژێر رکێڤی ئێرانەوە بە جیددی کەوتۆتە رۆژەڤی ئیدارەی ئەمریکاوە، بە تایبەتی رۆژەڤی دامەزراوەی سەربازی و هەواڵگیری ئەو وڵاتە. بگرە لە رۆژانی دواییدا بۆچوونێکیش بە راشکاوانە گوزارەشی لێکراوە ئەویش ئەوەیە کە بەڵێ لە ئێستادا خەریکە حەشدی شەعبی دەبێ بە مەترسیەکی گەورەتر بە بەراورد لەگەڵ حەشدی شەعبی.

پێویستە لێرەدا جەختێکی تایبەتی لەسەر دوو مەترسی بکرێتەوە، یەکەمیان، ئەو ئەگەرە بەهێزە کە پێشڕەویەکانی حەشدی شەعبی وە مانەوەیان بۆ ماوەیەکی زیاتر لە ناوچە دابڕاوەکان ببێتە هۆی "***بە شیعیکردنی***" ململانێی کورد و عێراق لەسەر ناوچە دابڕاوەکان؛ دووەمیان، مەترسی ئەوەی کە تەواوی بنەماکانی سیاسەت و سیستەمی سیاسی لە عێراق "***بە ئێرانی بکرێت***". تا ئەو جێگایەی کە ئەم دوو پێشوەچوونە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە ئەوەیە کە یەکانگیربوونی ئەم دوو مەترسیە بە ئەگەری زۆر دەبێتە هۆی بەرەوڕوبوونەوەیەک لە نێوان تۆ بڵێ هەرێمی کوردستان لە لایەک وە ئێران و حەشدی شەعبی (تۆ بڵێ شیعەی عێراق) لە لایەکی ترەوە.

لێرەدا گرنگە شتێکیش لەسەر دوو سیناریۆی دژ بە یەک بڵێین بە پەیوەندی لەگەڵ خەونی ئێران بۆ بوون بە ئیمپراتۆریەتێک، کە نەک هەر خەونێکی شیعییە لە چوارچێوەی "هیلالی شیعیدا" بەڵکو خەونێکی دێرینی ئێرانییەکانە، بە تایبەتی لە چوارچێوەی (پرۆژەی ئاریانیزم)ی شای ئێران. بەڵام لەگەڵ پێشوەچوونەکانی سوریا، یەمەن و عێراق خەریکە دوو بۆچوونی دژ بە یەک جێگیر دەبن دەربارەی خەونی ئێران: یەکێکیان ئەوەیە کە ئیتر ئێران خەریکە دەبێ بەو ئیمپراتۆریە کە دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە خەونیان پێوە بینیوە، بەڵام دژەکەی ئەوەیە کە نەخێر پرۆژەی بە ئیمپراتۆریبوون "سەری دەوڵەتی ئێران دەخوا". کرۆکی بۆچوونی دووەم ئەوەیە کە یەکانگیرنەبوونێکی توند لە نێوان خەونی سیاسی و ستراتیژی بە ئیمپراتۆریبوون لە لایەک وە بارودۆخی ئابووری پڕ قەیرانی ئێران لە لایەکی ترەوە هەیە. لە راستیدا لە ماوەی دواییدا هەندێ راپۆرتی ناوخۆی ئێران هەن کە بە جیددی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەیان لە داڕمانی بە تەواوەتی ئابووری ئێران، بەم هۆیەشەوە تەواوی سیستەمی سیاسی ئێران، ئاگادار کردۆتەوە. . . دەکرێ ئێران زوو یا درەنگ وەک سۆڤیەتی کۆنی بەسەربێت، هەروەک چۆن بەپێی زۆر لە بۆچوونەکان سۆڤیەت لە ئەفغانستان، یا راستتر بڵێین، هەر نەبێ بە پێی هەندێک لە بۆچوونەکان، بە هۆی ئەفغانستان هەڵوەشایەوە و کۆتاییهات، ئێرانیش لە عێراق کۆتایی بێت. لە راستیدا لە مێژووشدا نموونەی زۆر هەن بۆ پەلهاوێشتن و بەهێزبوونی ئیمپراتۆریەکان و دواتر هەر ئەو پەلهاوێشتنەش بۆتە هۆی لەناوچوونی خۆیان، لە بڕی بەهێزبوونی زیاتریان.[5]

---

[5] دەربارەی بۆچوونێکی زۆر گرنگ لە جەدەلی یەکانگیرنەبوونی پەلهاوێشتن و هێزی سەربازی ئیمپراتۆریەک لە لایەک وە توانای سیستەمی ئابووری بۆ راگرتن و پاراستنی ئەم پەلهاوێشتن و هێزە وە دواجار رووخانی ئەو ئیمپراتۆریە لە لایەکی ترەوە، بڕوانە یەکێک لە گرنگترین ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم بارەوە نووسراون:
Paul Kennedy, *The Rise and Fall of the Great Powers*, 1987.

## توركیا: نەبوونی ئاراستەیەکی روون

ناکرێ هەڵوێستی تورکیا لە جەنگ دژی داعش جیابکرێتەوە لە سیاسەتی ئەو وڵاتە لە مەلەفی سوریا. لەوەش زیاتر هەڵسوکەوتی تورکیا لە شەڕ دژ بە داعش لە عێراق لە ژێر کاریگەری زۆر فاکتەر دایە لەوانەش ئاراستەکانی تورکیا لە بەرامبەر کورد لە سێ بەشی کوردستان: باکور، باشور و خۆرئاوا.

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی راپەڕینی خەڵک لە سوریا دژ بە رژێمی ئەسەد، ئەوە بەلای تورکیاوە زۆر روون بووە کە پێویستە رژێمی ئەسەد کۆتاییبێت، وە کە ئەم وڵاتە بە کەمتر لەو کۆتاییهاتنەی رژێمی سوریا رازینابێت. جگە لەوەش یارمەتییەکانی تورکیا بۆ ئۆپۆزیسیۆنی سوری (بە توندڕە و میانڕەوەوە) لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا هاتووە. ئەمەش یەکێک بووە لەو هۆیانەی کە بەردەوام ناڕوونیەک بەدیکراوە لە "پەیوەندیەکانی" تورکیا بە داعشەوە، ئەو پەیوەندیانەی کە زۆر ئاڵۆزن، بە تایبەتی لەبەر تێکەڵاوبوونێکی چڕ و پڕی فایلی سوریا و فایلی ئاڵۆزی کورد بە مەسەلەی جەنگ دژی داعش.

لە لایەکەوە تورکیا ئەوەی نەیشاردۆتەوە کە دەخوازێ حزورێکی شایستە بەخۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت، وە لەم حزورەشدا زیاتر پشتگیری سوننە بێت. بەلام لە هەمان کاتتدا ئەوەی نەشاردۆتەوە کە ناخوازێ ئەم حزورە لە رێگای جەنگ و بەکاربردنی هێزی سەربازی بێت، بەڵکو لە رێگای ئاکار و فاکتەری ئابووری و بازرگانیەوە بێت. هەر ئەم حالەتەشە وایکردوە کە لە لایەکەوە خواستی ئەم حزورە لەوێیە، کە چی لە لایەکی ترەوە دڵەڕاوکێیەک هەیە بە تایبەتی لە مەسەلەی بەشداربوون لە جەنگ دژی داعش. هەندێکیش لە هۆکانی ئەو دڵەڕاوکێیە ئەمانەن: ١) بەشداری تورکیا لە جەنگ دژی داعش دەکرێ ببێتە هۆی ئەوەی کە، لە ناو خودی خۆی، تورکیا نائارامی و توندڕەوی ئیسلامی دەستپێبکات یا داعش شەڕەکەی درێژبکاتەوە بۆ ناو تورکیا. ئەوەش وا دەکات کە تورکیا ببێ بە "پاکستانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست"، هاوشێوەی تێوەگلانی پاکستان لە تەنگەژەکانی ئەفغانستان. . . لە راستیدا دەتوانین هەر ئێستا ئەوە بڵێین کە سەرەتا زووەکانی دیاردەی بوونی تورکیا بە پاکستانێکی دیکە دەرکەوتوون، بە تایبەتی کە ئەم وڵاتە بووە بە کەناڵێکی گرنگی کۆبوونەوە و پەڕینەوەی تیرۆریستانی رێکخراوی داعش بۆ ناو سوریا و عێراق؛ ٢) پشتڕاستنەبوونی تورکیا، یا دوودڵی ئەو وڵاتە، لە ستراتیژی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە شەڕیاندا دژ بە داعش، بەڵام زۆر بە تایبەتی بوونی تێبینی جیددی لەسەر ستراتیژی ئەمریکا، نەک هەر لە بابەتی شەڕی

داعش بەڵکو بەرامبەر بە کێشەی سوریا و هەندێ مەسەلەی دیکەی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە ڕاستیدا زۆرێک لە شارەزایان، دیپلۆماتکاران و کەسایەتی گرنگی ناو دەزگا جیا جیاکانی ئەمریکا، بە تایبەتی سی ئای ئەی، ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئەمریکا ستراتیژێکی گشتگیر و ڕوون و هەمەلایەنەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیە[6]؛ ٣) هەر ڕادەیەک لە تێکەڵاوبوونی تورکیا لە شەڕی داعش دەکرێ ئەم وڵاتە دووچاری زیانێکی ئابووری گەورە بکاتەوە، بە تایبەتی ئەم تێکەڵاوبوونە دەکرێ پشتشکێن بێت لە بواری سەکتەری گەشتوگوزار. ئەوە جگە لەوەی کە ئەو تێکەڵاوبوونە یەکانگیر نیە لەگەڵ ستراتیژی تورکیا کە ئەویش بە کاربردنی هێز و توانای ئابووری و پەیوەندیە بازرگانیەکانە بۆ پەڕینەوە بۆ قوڵایی ستراتیژی (جیهانی ئیسلامی، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست).

## ڕزگارکردنی موسڵ

ئایا ڕزگارکردنی موسڵ چۆن دەکرێ وە کام لایەن و وڵات بەشداری لە شەڕی ڕزگارکردندا دەکەن وە کام لایەن بواری بەشداریکردنیان *پێنادرێ* یا *خۆیان بەشداری ناکەن*. لە ڕاستیدا تا دێت وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە قورستر و ئاڵۆزتر دەبێت.

بەڵام پرسیاری هەرە گرنگ، لە دیدێکی کوردستانیەوە، ئەوەیە کە ئایا هەرێمی کوردستان بەشداری ئەم شەڕە دەکات؟ وە ئەگەر بیکات بە چ ئاست و شێوازێک ئەم بەشداریە دەکات؟ دیارە هەر ئێستا بۆچوونی جیا جیا هەن دەربارەی ئەم بەشداریکردنی یا بەشدارینەکردنی هەرێم لەم شەڕەدا: هەندێک پێیان وایە کە جەنگ لەسەر موسڵ شەڕی کورد نیە و پێویست بە بەشداری هێزی پێشمەرگە لەو شەڕەدا ناکات. لە لایەکی ترەوە هەندێکی تر ئەم بۆچوونە بە سادە دزانن و بەم مانایەش وای بۆ دەچن کە هەرێمی کوردستان بژاردەی تری لەپێش نیە تەنها بەشداربوون نەبێت. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا چ جۆرە بەشداربوونێک؟ هەندێک لەو فاکتەرانەی کە ڕۆڵیان هەیە لە کاریگەری خستنە سەر بڕیاری لایەنی کوردی، لە بەشداریکردن یا نەکردن، دەکرێ ئەمانە بن: ١) ئایا لایەنە عێراقییەکان چۆن ئەم بەشدارییەی کوردیان دەوێ؛ ٢) ئایا ئەمریکا، هاوپەیمانان و هێزە ئیقلیمیەکان، بە تایبەتی تورکیا و ئێران، چۆن لەو ڕۆڵە دەڕوانن و چاوەڕوانیان چیە لێی؛ ٣) پەیوەندیەکانی هەولێر و بەغدا چۆن کاریگەری

[6] بڕوانە بۆ نموونە دیمانەیەک لەگەڵ مایکل موریل، جێگری پێشووتری سەرۆکی سی ئای ئەی: ڕۆژنامەی *الشرق الأوسط*، ٢٣-٣-٢٠١٥، لاپەڕە ٤.

دەخەنە سەر ئەگەری بەشداریکردن یا نەکردن؛ ٤) چ بۆچوونێک لە ناو دەسەڵاتی کوردی یەکلاکەرەوە دەبێت.

دیارە بۆچوونی باڵادەست ئێستا ئەوەیە کە لایەنی کوردی لەبەر زۆر هۆ ناتوانێ هەروا بە ئاسانی لەو شەڕەدا بێلایەن بوەستێت وە بەم مانایەش هەرێمی کوردستان بژاردەی زۆری لەبەردەمدا نیە. لەوە دەچێت لە ئێستادا ئەم بۆچوونە هەرە دروست بێت، بەڵام لە هەمان کاتتدا پێویستە هەموو بژاردەکان بە جوانی و بە هەڵسەنگاندنێکی وردی هەموو رەهەندەکانی هەر بژاردەیەک بەر لەوەی دەستیان بۆ ببردرێ وە بڕیارەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیە هەرە باڵاکانی کوردستان بدرێن. گرنگە ئاراستە و بژاردەکان بە بەشداری هەموو هێزە سیاسیەکانی بەشداربوو لە حکومەتدا بڕیاریان لەسەر بدرێت، هەڵبەتە پێویستە ئەم کۆدەنگی سیاسییە بە رەزامەندی پەرلەمانی کوردستان بێت، بە تایبەتی ئەو بڕیار و ئاراستانەی کە پێویستیان بەوە هەیە کە بە یاسا پشتگیریان لێبکرێت.

زۆریش گرنگە کە هەر بڕیارێک لەم ئاراستەیەدا تەنها و تەنها پێ لە بەرژەوەندیە هەرە باڵا نیشتمانییەکانی کورد هەڵگرێ و بە هیچ شێوەیەک بواری ئەوە نەمێنێتەوە کە بەرژەوەندیە حیزبیەکان ببن بە خاڵی لێوەدەرچوون.

## کێشەکان لەگەڵ بەغدا

ناکرێ کێشەکانی بەغدا تەنها لە رۆشنایی رووداوەکانی پەیوەندیدار بە شەڕی داعش ببینرێن، وە هەروەها هەڵەیەکی گەورەیە کە ئەم کێشانە لە کەسی نوری مالکی یا هەر سەرکردەیەکی تری عێراقیدا کورتبکرێتەوە. کێشەکە مانەوە یا نەمانەوەی کوردە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا وە یا گەر بشمێنێتەوە بە چ شێوە مانەوەیەک وە بە چ مەرجێکی مانەوە.

هەرچەندە کێشەکانی هەولێر و بەغدا فرەڕەهەندن وە بەشێکیان ئەوەندە مێژوویین کە دەبێ بۆ تێگەیشتنیان بگەڕێینەوە سەرەتاکانی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق. لەگەڵ ئەوەشی کە مەشهەدی ئەو کێشانە زۆر ئاڵۆز و فرەڕەهەندە، بەلام ئیمرۆ مەسەلەی نەوت بۆتە مەسەلەی هەرە ناوەندی و چارەنووسساز لەم ململانێیەدا. بەم مانایەش بەبێ رێککەوتنێکی سەرکەوتوو لەگەڵ بەغدا لە مەلەفی نەوتیدا، رێککەوتن لە مەلەفەکانی تردا

ئەستەمە. مەرجێکیش بۆ سەرکەوتنی هەر رێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا پێویستی بە دوو شێوازی شەفافیەت هەیە یەکێکیان روو لە بەغدا وە ئەوەی تریان، کە زۆر گرنگترە، ***روو لە ناوەخۆی کوردستان.*** چونکە شەفافبوون لە فایلی نەوتدا، روو لە ناوەوە، هەموو هێز و تواناکان وە هەڵوێستە سیاسیە جیا جیاکان لە دەوری دەسەڵاتی سیاسی کۆدەکاتەوە و پێگەی ئەم دەسەڵاتەش لە ناوەوە و روو لە عێراق بەهێزتر دەکات. بەڵام پێچەوانەی ئەم حاڵەتە وا دەکات پەرتەوازییەک لە رووبەر و فەزای سیاسی کوردستان وە لاوازبوون و ناجێگیرییێکی جیددی لەو رووبەرەدا رووبدات. بە رووێکی تردا، لە حاڵەتی مانەوەی مەلەفی نەوتی و مەلەفەکانی تر لەگەڵ بەغدا بەبێ چارەسەری، دەکرێ لە داهاتوودا کوردستان بەرەوڕووی قەیرانی قوڵتر و فراوانتر بکاتەوە و هەتا ئەگەری پشێوی کۆمەڵایەتی و ناڕەزاییەتی شەقامی کوردستانیشی لێبکەوێتەوە. لە راستیدا روونەدانی ناڕەزاییەتی شەقام لە ئێستادا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ناڕەزاییەتیێکی زۆر لە ناو خەڵکدا نیە بەڵکو زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی کوردستان ناخوازێ دەست بۆ خۆپێشاندانی بەرفراوان بدات لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان بەرەوڕووی جەنگ و هەڕەشەی رێکخراوی تیرۆریستی داعش دەبێتەوە.

## دەرئەنجام و راسپاردە

١) پێویستە هەرێمی کوردستان بڕیار و گوتاری سیاسی و سەربازی یەکگرتووی هەبێ. ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێک زیاتر دەرفەت هەیە بۆ خەملاندنی ئەو جۆرە وتارە، چونکە، بۆ نموونە، بەرجەستەکردنی لە ئاستی جەماوەریدا لە هەموو کاتێکی تر ئاسانتر و فەراهەمترە. کاتی ئەوەش هاتووە کە ئەوە جەختبکرێتەوە کە "تا کوردستان خاوەنی سەروەری نیشتمانی خۆی نەبێ پارێزراو نابێت". بە واتایەکی تر زۆر گرنگە کە پشتگیری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ کورد لە رووی سیاسییەوە بەکاربهێنرێ وە "وەبەرهێنانی سیاسییانەی" تیادا بکرێ بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و دیپلۆماسی هەرێمی کوردستان. دواجار جێگەی خۆیەتی ئەم پەیامە بگاتە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی کە کورد پارێزراو نابێت تا سەروەی نەتەوەیی خۆی نەبێت. ئەوە رێک ئەو لۆژیکە بوو کە جوولەکە قسەی پێکرد روو لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دوای هۆلەکۆست. بەم مانایەش، ئەگەر راستە کورد لە برى هەموو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی شەڕی تیرۆر دەکات، ئایا دەستکەوتەکەی تەنها چەند پارچەیەک چەک دەبێت، کە ئەویش دەبێ بە رێگای بەغداوە بە دەست کورد بگات یا ئەوەتا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەوە دەگات کە بەبێ پشتگیری

ئەم کۆمەڵگایە نێونەتەوەییە لە کوردستان، لە رووی دیپلۆماسی و سیاسیەوە، دەکرێ لە مەودایەکی دوورتردا بە زیانی کورد تەواو ببێ؛

٢) هەر جەمسەرگیری و جەبهەبەندیەک لە ئاستی کوردستانی مەزن، لە نێوان هێزە سیاسیەکان، مەترسیدارە. پێچەوانەکەشی، واتە مامەڵەکردن لەسەر بنەمایەکی کوردستانیانی و نەتەوەییانە بۆ رێگەگرتن لە هەر ئەگەرێکی لێکترازان خزمەت بە هەر بەشێکی کوردستان بە جیا وە کوردستانی مەزن بە گشتی دەکات؛

٣) باشتر وایە هەرێمی کوردستان بە ئاسانی خۆی ساغنەکاتەوە لە بەینی شیعە و سوننە، واتە کورد بە فەرز لایەنێک هەڵنەبژێرێ بۆ دژایەتی لایەنەکەی تر: کورد ***تەنها و تەنها لایەنگری بەرژەوەندییەکانی*** خۆی بێت وە هەموو پەیوەندییەکان بخاتە خزمەت بەرژەوەندیە باڵاکانی کوردستان. لە هەمان کاتتدا پێویستە ئەوە بە روونی بزانرێ کە یەکگرتنی ئەو دوو لایەنە عەرەبییە دەکرێ دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بخاتە مەترسیەوە؛

٤) پێویستە هەرچی زووە قەیرانی دارایی چارەسەر بکرێت. ئەگەر ئەم قەیرانە چارەسەر نەکرێ، ئەوا دەکرێ لە مەودایەکی مامناوەندیدا ئەو قەیرانە ببێ بە هۆی تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی وە لە ئاکامیشدا، پشێوی و نائارمیەکی مەترسیداری لێبکەوێتەوە. ئەم تەقینەوەیە ناکرێ تەنها بە گوتارێکی هێورکەرەوە چارەسەربکرێت، واتە گوتارێک کە تیایدا هەست و نەستی خەڵک وەک ئامراز بەکارببرێت. چونکە ئەم جۆرە چارەسەرییە ناکرێ بنەڕەتی و واقیعیانە بێت. بە گشتی ئەمڕۆ شەقامی کوردی متمانەی لاواز بووە بە سیستەمی سیاسی و کارامەیی ئەم سیستەمە بۆ چارەسەری بنەڕەتیانە بۆ کێشە و قەیرانەکانی کوردستان؛

٥) پێویست ناکات هەرێمی کوردستان، وە بگرە باشیش نیە، لە نێوان ئێران و تورکیا یەکێکیان هەڵبژێرێ. بەڵکو وا باشترە تا بکرێ هاوسەنگی لە نێوان هەردوولایان رابگیرێ، بەو مانایەش نە دۆستایەتی ئەوان بۆ یەکتر وە نەش دژایەتی ئەوان بۆ یەکتر کاریگەری نەرێنی نەخاتە سەر بەرژەوەندیە نیشتمانیە باڵاکانی کوردستان. شتێکی واقیعبینانە نیە کە چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر تورکیا و ئێران ستراتیژی ***هاوسەنگی نەرێنی*** (negative balance) پەیڕەو بکات بەڵکو باشتر وایە ستراتیژی ***هاوسەنگی ئەرێنی*** (positive balance) پیادە بکرێت، واتە تا بکرێ مامەڵەکردنێکی پۆزەتیڤانە دوور لە دوژمنکاری، ململانێ و تەنگەژە، بەرامبەر ئەم دوو وڵاتە بکرێ. بەڵام زۆر گرنگە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان رێگا نەدات رووبەری

کوردستان، روو لە پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیا و ئێران، دابەش ببێت بەسەر دوو رووبەری سەرەکی، یەکێکیان پەیوەندی لەگەڵ ئێران باش بێت بەڵام ئەوەی تریان لەگەڵ تورکیا. بەم مانایەش لەم مامەڵەکردنەدا پێویستە تەنها بەرژەوەندیە هەرە باڵاکانی کوردستان پێوەر بن.

٦) ***ناکرێ ناوەوە و دەرەوەی قەیران لە یەکتر جیابکرێنەوە!*** ئەگەر ئەمە خاڵی لێوەدەرچوون بێت، دەکرێ بپرسین ئایا چ جۆرە نزیکبوونەوەیەک شیاوترینە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکان و چارەسەرکردنیان. . . لەوە دەچێت لە ئێستادا باشترین بژاردەی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی هەرنەبێ بەشێک لە کێشەکانی ئەمڕۆی باشوری کوردستان ڕێککەوتنە لە گەڵ عێراق، بە تایبەتی لە رووی ئابووریەوە. هەر دواکەوتنێکیش لەم ئاراستەیەدا زیان بە باشوری کوردستان دەگەیێنێ. . . پێویستە لەگەڵ بەغدا، هەرنەبێ لە رووی ئابووریەوە، ڕێککەوتن بکرێ بەڵام هاوتەریب لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە دابڕان بەهێز بکات. . . پرسیارێکی گرنگیش ئەوەیە کە ئایا دواکەوتنی ئەم ڕێککەوتنە بۆ دوای ئازادکردنی موسڵ ئەم ڕێککەوتنە ئەسلەن ناموکن ناکات؟ باشترین وە شیاوترین چارەسەر بۆ هەرنەبێ بەشێک لە کێشە و قەیرانەکانی هەرێم، هەر نەبێ لەم قۆناغەدا، لە ڕێگای ڕێککەورتن لەگەڵ بەغدادا فەراهەم دەبێت.

٧) شەڕی داعش بووە مایەی راچڵەکینێکی قوڵ و فراوان لە ناوماڵی کورددا. زۆر گرنگە کە لە بڕی ئەوەی شەڕ دژی داعش بکرێتە ***بەهانە و پاساو*** بۆ دواخستنی چاکسازی، وا باشترە و پێویستیشە کە ئەو راچڵەکینە ببێتە هۆ و فاکتەری پاڵپێوەنەری چاکسازی ریشەیی لە تەواوی جومگەکانی سیستەمی سیاسی و ئابووری و سەربازی کوردستاندا. لەم بارەیەوە یەکێک لە گرنگترین وە هەنووکەییترین مەرج و ئامرازەکانی ڕێکخستنی فەزای سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەرهەمهێنانی دەستورێکە کە رەنگدانەوەی ویست و خواستەکانی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ناو فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان. هەر نەنگی و دواکەوتنێک لەم ئاراستەیەدا دەکرێ هەرێمی کوردستان بەرەورووی قەیرانێکی قوڵ و فراوان بکاتەوە، کە لە راستیدا هەر ئێستاش زۆر کەس و لایەن نیگەرانیەکانی خۆیان لەم بارەیەوە نەشاردۆتەوە. لە سات و کاتێکی ئاوهادا ئەوپەڕی هاوکاری و کاری هاوئاهەنگ لە نێوان هێزە سیاسیەکان وە راستەوخۆ لە نێوان سێ سەرۆکایەتیەکە کارێکی پێویستە؛

٨) زۆر گرنگە کە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ستراتیژێکی گشتگیر و هەمەلایەندا مامەڵە لەگەڵ ئەم قۆناغەدا بکات. لە خاڵەکانی سەرەوەدا زۆرێک لە رەگەزەکانی ستراتیژێکی لەم جۆرە بەرچاو دەکەون، بەڵام دەکرێ زۆر خاڵی تر بخرێنە پاڵیان بۆ

گەڵاڵەکردنی ستراتیژێکی لەم شێوەیە. شتێک کە گرنگیەکی تایبەتی هەیە ئەوەیە کە دیپلۆماسیەتێکی کوردی چالاکانەی هاوتەریب بە شەڕی بەرگری دژ بە داعش پەیرەوبکرێ وە هەرسێ سەرۆکایەتیەکان رۆڵی هەرە بەرچاو لەو ئاراستەیەدا ببینن. جگە لەوەش پێویستە نوێنەرایەتیەکانی هەرێم لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژە و گوتارێکی توکمە و نیشتمانی چالاکتر و بە دەستوبردتر کار بکەن. دەکرێ کوردانی هەندەران وەک سەرمایەیەکی نیشتمانی و مرۆیی زۆر گرنگ سودیان لێوەربگیرێ لەم ئاراستەیەدا. پێویستە، وە دەرفەتیش هەیە، ئەم قەیرانە ناوەخۆ و دەرەکیانەی کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانیان گرتووە بکرێن بە دەرفەتێک بۆ ئاشتبوونەوەی نێوان نوێنەرایەتیەکانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە و کوردانی هەندەران وە هەروەها بەنیشتمانیکردنی ئەو نوێنەرایەتیانە. کۆمەڵگای کوردستانی لە تاراوگە پڕاوپڕە لە کەسانی خاوەن توانا و ئەزمون، دڵسۆز و نیشتمان پەروەر؛ دەبێ ئەم سەرمایە مرۆییە باشتر رێکبخرێ و سوودی لێوەربگیرێ.

Research Center- Kurdistan Parliament

# Kurdistan in the Depth of Crises

## Challenges and Possibilities

**Borhan A. Yassin**

End of March 2015

Research Center - Kurdistan Parliament - Iraq
researchcenter42@gmail.com